# وەڵام بە ئەنفال، لە سایەی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەب لە بەغدا، جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە!

ساڕێژکردنو وەڵام بە برینو زامە قوڵەکانی خەڵکی کوردستانو کەسو کارو هاورێو خۆشەویستانی ئەنفالکراوەکان، لە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی ئێستایی کوردستانو عێراقداو لەسایەی دەسەڵاتی ڕەشو کۆنەپەرستانەی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەبدا، و لەسایەی ڕۆژانە قوڵبونەوەی شەڕی تائیفی نێوان ئیسلامی سیاسی سوننەو شیعیداو لەسایەی توندبونەوەی کێبەرکێی تیرۆریزمی ئەمەریکیو ئیسلا می سیاسیدا، هەروەها لە سایەی قوڵبونەوەی ڕۆژانەی کێبەرکێو ململانێی نەتەوەپەرستی نێوان ناسیونالیزمی عەرەبو ناسیونالیزمی کورددا، تەنهاو تەنها جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. دەوڵەتێك کە بتوانێت، وەڵامی یەجگاری بداتەوە بەو کارەساتە گەورانەی کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە، ئەنفال ، کیمیایی بارنی هەڵەبجە و قەتلوعامی بارزانیەکانو ئاوارەییو..... دەوڵەتێك کە مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکاتو مێژویەکی نوێ لە عیراقو ناوچەکەدا بنەخشێنێتو کە مێژووی سەرکوتو جنیۆسایدو نەتەوەپەرستی کۆتایی پێبێنێت.

سیاسەتی کۆنەپەرستانەو دژی بەشەری ئەنفال، سیاسەتی حکومەتێکی ناسیونالیستی تا سەر کۆنەپەرستو نەتەوەپەرست بوو. سیاسەتێك کە لە سەر بناغەی نەتەوەپەرستی عەرەبی "نەتەوەکانی" دیکە قەسابی دەکاتو هەوڵی لەناوبردنی نەوەیەك دەدات کە بەزمانیکی دیکە دەدوێن. ئەنفال، لەناوبردنی زیاتر لە 180000 لەسەدو هەشتا هەزار ئینسان کە بەشی زۆریان منداڵ بوون، ڕاوو ڕوتو فەرهودێك کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات، زادەی بیرو ئامانجو سیاسەتێکە کە نێوی "ناسیونالیزمی عەرەبە"لەلایەن حکومەتی بەعسەوە پیادە کرا.

سیاسەتێك کە ئەمڕۆ لە بەغدا لە شێوەو شێوازو هەلومەرجێکی جیاوزادا دەسەلاتی بەدەستە. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی بەغدا بەپێی دەستورێك کە دایانناوە وە بەپێی سیاسەتێك کە ڕۆژانە پیادەی دەکەنو هەموو خەلکی کوردستان دەیزانێت، بەتەواوی کۆنەپەرستانەو دژ بەویستو خواستەکانی خەڵکەو سەرکوتێکی ئاشکرای مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستانە. فیدرالیزمێك کە ناسیونالیزمی کورد خۆی پێوە هەڵدەکێشێت، جگە لەوەی کە بەتەواوی دژ بە ویستی خەڵکی کوردستانەو بەزۆر ڕاپێچکردنیەتی بۆ ژێر سایەی ئەو دەسەلاتە ڕەشەی بەغدا. لەهەمانکاتدا وا 3 ساڵە تاقیکراوەتەوەو خەڵکی کوردستان ڕۆژانە لە گەلیدا قوربانی دەدەنو لە دڵە ڕاوکێو چاوەڕوانیدا ژیان بەسەر دەبەن.

وەڵامی بە ئەنفالو ئەنفالکراوەکان، بە "گالتەجاری دادگایی دیگتاتۆری پێشوو" نادرێتەوە. وەڵام بەم کارەساتە گەورە ئینسانیە جەرگ بڕە، بە فیدرالیزم نادرێتەوە رکە هەر زوو بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوت کە پووچەو هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەل ئۆتۆنۆمیەکەی کە بەعس 4 ساڵ لە کوردستاندا خۆی پێ بەهێزکرد. وەڵام بە ئەنفال نەك بە هاوپەیمانیو دەست خستنە نێو دەستی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی بەعسو ئەنفالچیەکان نادرێتەوە، کە ئەمڕۆ بەشێکیان لە لایەن هەردوو ئیدارەی سلێمانیو هەولێرەوە بەرێزەو تەماشا دەکرێنو بەشێکی دیگەیان کە لەبەغدا دەسەلاتیان بەدەستەو دەست خراوتە نێو دەستیانەوە، بەڵکو گالتەکردنە بە هەستو سۆزو ویژدانی تەواوی خەلکی کوردستانو کەسو کارو خۆشەویستانی ئەنفالکراوەکان. وەڵام بەئەنفال بە دانانی وەزرات "مافی مرۆڤ و ئەنفال" نەك نادرێەوە بەڵکو ئەوە بازرگانیکردنە بەو کارەساتە گەورانەوە کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە. ناسیونالیزمی کوردو دەسەڵاتەکەی جینۆسایدی سەر خەڵکی کوردستایان کردۆتە دەست مایەی ساتو سەوداتکردن بە مافە چارەنوسسازەکانی خەڵکەوەو تا ئێستاو لەدوای ڕوخانی حکومەتی قەومی بەعسەوە، خەلکی کوردستان نەك هەناسەیەکی ئازادو ژیانیکی خۆشگوزەرانیان بە دەست نەهێناوە بەڵکو زیاتر لەجاران لە سایەی ژیانێکی دڵە ڕاوکێو چاوەڕوانی بۆ دوبارەبونەوەی کارەساتەکان دا ژیان دەگوزەرێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژانە لە پێناو دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکانو خزمەتگوزاری گشتیەکانو زیاترکردنی موچەدا ناچارن بێنە سەر شەقامەکانو خۆپیشاندان بکەن دژ بە دەسەڵاتداریتیو گەندەڵی ئیداریو سیاسیو مالی ناسیونالیزمی کورد.

لە یادەوەری 18 ساڵەی ئەنفالدا خەڵکی کوردستان چارێکی دیکەیان نەماوە جگە لەوەی کە یەکگرتوانەو ڕێکخراوانە بێنە مەیدان لە پێناو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێك کە مافە خوراوەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکاتو بۆ هەتا هەتایە برینی کارەساتی جەرگی بڕی ئەنفالو تەواوی کارەساتە کانی دیکە لە قەتلو عامی بارزانیەکانەوە بگرە تاکو ئاوارەییو تا کیمیایی بارانی هەڵەبجە ساڕێژ بکاتو مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات. ئەمە تەنها ڕیگا چارەیەکە کە مێژووی سیاسیو کۆمەلایەتی ئێستا خستویەتە بەردەم بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لێبڕاوانەو تاسەر لە پێناو بەرژەوەندیو داواکارییەکانی خەڵکی کوردستاندا خەباتی سیاسیو جەماوەری خۆی دەباتە پێشەوە.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/4/8